نرخی زێڕ لە بازاڕەکانی جیهان بەرزبووەوە

نرخی نەوت لە بازاڕەکاندا رووبەڕووی دابەزینی گەورە بووەوە و بەڕێژەی 3% دابەزی، نرخی زێڕیش بەرزبووەوە و هەر ئۆنسێیەکی بە 2036 دۆلار مامەڵەی پێوەکرا.

دوێنێ هەینی 23ـی شوباتی 2024، لەکاتی داخستنی بازاڕەکاندا نرخی نەوتی برێنتی دەریای باکوور 2 دۆلار و 5 سەنت دابەزی و یەك بەرمیل بە 81 دۆلار و 62 سەنت مامەڵەی پێوەکرا، نرخی نەوتی سووکی تەکساسی ئەمریکاش 2 دۆلار و 12 سەنت دابەزی و بەرمیلێکی بە 76 دۆلار و 49 سەنت مامەڵەی پێوەکرا.

لەلایەکی ترەوە، نرخی زێڕ لە کاتی داخستنی بازاڕەکانی جیهان بەرزبووەوە و هەر ئۆنسێیەکی بە 2036 دۆلار مامەڵەی پێوەکرا.